

# چەند ساتێک لەگەڵ خاتوو خانزاد بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی

دیمانە: ڕێزان خەلیل

ئەم جارە، خانزاد سوودی لەو بەفر بارینە وەرگرت و وەک زۆربەی خەڵک وێنەیەکی لەناو گرت.

- **خانزاد کچە بێژەرێک و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنییە لە سەتەلایتی کوردستان.**
- **لە ساڵی ١٩٩٥ قوتابی دواقۆناغی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بووە.**

*** ئێستا خەریکی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیە.**

–دوای دەرچوونم لە پەیمانگە ویستم کارێک بکەم خۆمی تێدا بدۆزمەوەو لە هەمان کاتدا داهاتێکی ئەوتۆشی هەبێت. ئەمە بوو هاوڕێیەکم پێشنیازی ئەوەی کرد، کە لە تەلەفزیۆن وەک بێژەرێک کار بکەم، کە دەست بەکار بووم بۆ هەمووان دەرکەوت،کە من توانایەکی باشی ئاخاوتن و سەرنج راکێشان و تێگەیاندنی بینەرانم هەیە...

ئەمەش جەماوەرێکی زۆری بۆ دروست کردم.ئەوکات دەنگوباسم بە زمانی عەرەبی دەخوێندەوە و پاش ماوەیەکی کورت بەرنامەی هەمەڕەنگم بەزمانی کوردی پێشکەش کرد و وەک لە بەرایی ئاماژەم بۆ کرد بەرنامەکە جەماوەرێکی زۆری هەبوو، بە راستی خۆشترین رۆژانی کارکردنم لە راگەیاندن ئەوکات بوو، چونکە بۆ من وەک قوتابخانەیەک وابوو و فێری زۆربەی بەشەکانی راگەیاندن بووم. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە هونەرمەند ناسر حەسەن رۆڵێکی باڵای هەبوو نەک هەر لە پێگەیاندنی من، بەڵکو کادیرانی راگەیاندنیش بەگشتی لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان.

بینەری بەرنامە فاکتەرێکی سەرەکییە لەسەرکەوتنی هەر بەرنامەیەک و رێگەیەکیشە بۆ دروستکردنی جەماوەر بۆ بەرنامە و پێشکەشکارەکانیان.

– بێگومان هەر پرۆگرامێک جۆرە بینەرێکی هەیە و، بەڵام بە هۆی ئەوەی من لە بواری راگەیاندنداخۆم بە یەک بەش نەبەستووەتەوە و لە زۆربەی بەشەکان کارم کردووە وەک:

خوێندنەوەی دەنگوباس بەزمانی کوردی و عەرەبی، پێشکەشکردنی چەندین بەرنامەی جۆرا و جۆری وەک سیاسی و رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشکەشکردنی چەندین راپۆرت و پرۆگرامی دیکە..

ئەمەش وای کردووە، کە بینەر بە چەندین شێوە ببینێت و شانازیشیان پێوە دەکەم و بە فاکتەرێکی سەرەکییان دادەنێم بۆ سەرکەوتنی راگەیاندکار بۆیە پێم وایە، ئەگەر بینەر نەبایە توانای ئەوەندە ساڵە کارکردنم لەراگەیاندن نەدەبوو و بەردەوام نە دەبووم تیایدا. هەر ئەمەشە وایکردووە، کەبناسرێم و ، ئەگەرچی ئەمەش لایەنی لە بار و نالەباری هەیە، بەڵام لایەنە لەبارەکەی زیاترە، کە ئەو رێز و خۆشەویستییە لە رادە بەدەرەی خەڵکە، بەڵام وەک سوود و زیادی ماددی دەڵێم من جگە لە ماندووبوونێکی زۆری هزری و بەربەرەکانێیەکی زۆر لە پێناو مانەوە و بەردەوام بوون نەبێت هیچی دیکەم پێنەبڕاوە.

ئەوەندە ئەزموونەی سەرەوەی خاتوو خانزاد مافی ئەوەی پێدەدات لە خوارەوە چەند پێشنیازێک و سەرنج و تێبینی بخاتە روو بۆ پێشکەوتنی بەرنامە تایبەتیی و گشتییەکانی کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان.

– لە بەر ئەوەی ئێمە ئێستا لە قۆناغی کەناڵی ناوخۆیی تێپەڕ بووینەو خەریکە زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ناوخۆ بەرەو ئاسمانی دەچن. ئەمەش وا دەکات ماوەی کارکردنی فرەوانتر و ژمارەی

بینەرانی زیاتر و زمانی ڕاگەیاندنی گشتگیر تر دەبێت. بۆیە ئەرکی پێشکەشکاری پرۆگرام و بەرنامەکان قورستر دەبێت و پێویستە خۆی بەکەناڵەکانی جیهان بەراورد بکات. نەک لاساییان بکرێتەوە و دەبێت لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە دا بێت، کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان پێدا تێپەڕ دەبێت. ئەمە سەبارەت بە کەناڵەکان بەگشتی سەبارەت بە کارمەندانیش، ئەگەر لە ئاست ئەم قۆناغەدا نەبن با ڕێگە بۆ خەڵکانێکی دیکە واڵا بکەن بۆ ئەوەی ئەسپی خۆیان تێدا تاو بدەن. هەروەها پێشنیازم بۆ بەرنامەی پێشکەوتوو ئەوەیە، کە نوێبوونەوەی تێدا بێت و سوود و چێژ بەبینەران ببەخشێت و کاردانەوەی ئەرێنی بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێت. خاتوو خانزاد لە پاڵ ئیشکردنی لێرە لە کوردستان لە بواری پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە هەندەرانیش- سوێد، ئەزموونی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە. - لە هەردوو گەشتەکەم بۆ سوێد بە هەلم زانی، کە چەند بەرنامەیەک لە تەک کوردە ئاوارەکانی ئەوێ ساز بکەم و هەندێکیان تایبەت بوون و ئەوانی دیکەش لە چوارچێوەی پرۆگرامی لە کۆمەڵگەوە بوو. ئەمەش ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم، کە ئاستەنگی کارکردن لە ئەورووپا یەکجار زۆرە، چونکە مرۆڤ پێویستی بە ستافێکی زۆری کارکردن هەیە بە تایبەتی لە پەیوەندی بەستن بەکەسانێکی، کە بەرنامەیان لەگەڵ تۆمار دەکەیت، یان قسەت بۆ دەکەن، یان نا.

سەرباری خەرجییەکی زۆر بە بەراورد لەگەڵ کوردستان. هەروەها کێشەی هەرەگەورەی، کە مرۆڤ پێی نائومێد دەبێت ئەو داب و نەریت و کۆت و بەندە و شەرمە و خەوشە و جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاوانە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری نەک هەر لێرە بەڵکو لە هەندەرانیش و ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی نالەباری خستووەتە سەر زیاتر پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان. لەگەڵ ئەمانەی سەرەوەدا پێمان خۆشە خاتوو خانزاد چەند پرسیارێکمان بروسکە ئاسا وەڵام بداتەوە.

*** لەو هەموو بەرنامانەی هەتا ئێستا پێشکەشت کردوون لە کامیان ڕازیتری؟**

- لەزۆربەی پرۆگرامەکانی خۆم ڕازیم، چونکە پێیانەوە ماندوو بووم.

*** خەڵاتکردن بەلای تۆوە چ دەگەیەنێت؟**

- خەلات وەرگرتن گەورەترین هاندەرە و جۆرە گوروتینێک بە وەرگرەوە دەبەخشێت و دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئەنجامدانی کاری باشتر.

*** پێدەچێت هێشتا ڕووبەڕووی ئەوپیاوە نەبوویتەوە، کە شایستەی تۆ بێت ؟**

- پێشتریش گوتوومە، کە تائێستا ڕووبەڕووی ئەو پیاوە نەبوومەتەوە، کە شایستەی ئەوە بێت لە پێناویدا هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام بدەم. هەروەها نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە ژمارەیان کەمە ئەو پیاوانەی، کە بە بەرزی دەڕواننە ئافرەتی ئازاد و خاوەن بیر و بڕوا و هەڵوێست.

*** گەرانەوەت بۆ خوێندن بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بۆ بارودۆخی ناهەمواری ژیان، کە دەبایە لە سەرەتاوە خوێندن تەواو بکەم. ئێستاش خەریکە کۆلێژ تەواو دەکەم و خوا یار بێت، ئەگەر بوارم بۆ برەخسێت خوێندنی باڵاش تەواو دەکەم!

*** لەگەڵ خوێندنەوەی دەرکی چۆنی؟**

- من هەر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوەم و بەردەوامم.

*** کێ جلوبەرگت بۆ هەڵدەبژێرێت؟**

- خۆم...

*** مەهدی برات؟**

- هاوڕێ و برا گەورە و تەواوکارو پشت و پەنامە لە هەموو شتێک.

*** دایکت؟**

- ئەو هەناسەیەیە، کە پێی دەژیم..

*** چەند لە خەون و خۆزگەکانت هاتوونەتە دی؟**

- (١٠ ٪)و هێشتا زۆری ماوە.



خانزاد جەماوەر و بینەری زۆرە. کۆترەکانی پشتەوە بڕایاریاندا، خاتو خانزاد، لە نامەی بینەران بێبەشی نەکەن !